کوردستان..پەدانی ڤیزا بەهاوەاتیانی سووری راگیرا

بە فەرمانی ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەدانی ڤیزا بە بە هاووەاتییانی سووری راگیرا، هەروەها ئەو گەشتیارانە و ئەوانەشی ڤیزایان هەیە پێش ڕێککەوتی 29ــی ئاداری ئەمساڵ هاتوونتە هەرێمی کوردستان ناتوانن ڤیزاکەیان بیگەڕێن بە نشینگە.

لە نووسراوێکدا کە وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی ڤیزا ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگەزنامەی هەرێمی کوردستانی کردووە هاتووە، بە فەرمانی ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاردرا بە ڕاگرتنی پەدانی ڤیزا بە هەڵگرانی پاسپۆرت و تراڤێ دیکۆمێنتی سووری لە 29ــی ئادارەوە، جگە لەوانەی هەڵگری نشینگەی وڵاتانی ئەمریکا، کەنەدا و ئەورووپان تەنیا بە مەبەستی سەردان دەتوانن بە ماوەی 30 ڕۆژ ڤیزای کوردستان وەربگرن.

لە بەشێکی دیکەی نووسراوێکەی وەزارەتی ناوخۆدا هاتووە، ئەو گەشتیارانە و ئەوانەشی ڤیزایان هەیە پێش ڕێککەوتی سەرەوە هاتوونتە هەرێمی کوردستان ناتوانن ڤیزاکانیان بگەڕێن بە نشینگە و بەر لە تەواوبوونی ماوەکەیان دەبێت خاکی هەرێمی کوردستان بەجێبهێڵن.